ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

# ″گوناهی فریشتەیەک″ یان گوڵی ناو پەردو

## خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکەکەی ″ مەهاباد قەرەداغی″



«الحواء» کۆوارێکی میسریی دێرینی تایبەت بە ئافرەت و باس و خواسەکانیەتی، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو گۆشەیەکی تایبەتی هەبوو بەناوی «مشاكل المرأة على الشاشة» کە هەر ژمارەیەک کێشە و ڕووداوێکی دەربارەی ئافرەت و تەنگ و چەڵەمەکانی وەک ڕەگەزی مێ لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەخستە ڕوو، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕێگەچارەیەکیان بۆ دانێ یا ئاراستەکردنێکی گونجاویان بۆ وەدۆزێ.

لە یادمە یەک لەو باسانەی دەربارەی ئافرەتێک بوو لەشفرۆش، لە شوقەی دوو سێ



مەهاباد قەرەداغی

قوتابی زانکۆ کە بە نیاز بوون شەوێکی لەگەڵدا بەسەر بەرن، ئەم لە وەڵامی پرسیارێکی سادەی راگوزاری یەک لەو گەنجانەدا دەکەوێتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی، لە قسەکانیدا هەندێ باس و زاراوەی -کۆمەڵناسی- تێکەڵ دەکات؛ چونکە کاتی خۆی ئەویش لەو بەشە دوو ساڵ قوتابی بووە.

قوتابییەکان سەیریان لێ دێ و گوێقوڵاغی ئەو چیرۆکە دەبن و تا درەنگانێکی شەو دەخایەنێ، ئەو ئێش و ئازار و کوێرەوەرییەی بۆیان دەگێڕێتەوە وا لەو گەنجانە دەکات پەژارە بیانگرێ و رابواردنەکەیان لە بیر بچێتەوە، پێ بە پێی ئافرەتەکە ئەمانیش خەم و پەژارەیەکی سەیر دایان دەگرێ.

ئەم چیرۆکە لە پاشان کرایە فیلمێکی سینەمایی بەناوی «أشرف خاطئة» لە نواندنی «رغده، محمود یاسین» وە بە بەشداری «عزة العلایلي و سمیحة أیوب».

جا دانپیانانەکانی ئافرەتە لەشفرۆشەکەی ناو چیرۆکەکەی "مەهادباد قەرەداغی" کە بۆ رۆژنامەنووسێکی دەگێڕێتەوە «نەوشەفەق- ژ ٧٤، گوناهی فریشتەیەک» نەک هەر ئەوەی سەرەوەی خستەوە بیرم بەڵکو «إعترافات إمرأة ساقطة»ی چیرۆکنووسی بەتوانا زەننون ئەیووب و «تاوان و سزا»ی دیستەڤیسکی یەک یەک هێنایەوە یادم.

لە راستیشدا کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان کە لە چوارچێوە گشتییەکەیاندا زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە و لەیەک دەچن، شێوازی ژیان و گوزەران تێیاندا چوونیەکە، زۆر جار ئەو رووداوانە لێرە و لەوێ «نەک دەقا و دەق» بەڵکو بە لەیەکچوونێکی زۆرەوە دووبارە و چەند بارە دەبنەوە.

خاتوو مەهابادیش ورد و بەدیقەت بۆ هەڵبژاردنی رووداوی چیرۆکەکەی چووە، ئەو وەک شاعیر و نووسەرێکی ئافرەت- مێ- لە بواری داکۆکیکردن لە ماف و حەق و حقوقی هاوڕەگەزەکانی چالاکێکە و لە نێوەندە رۆشنبیرییەکەدا خۆئاوا دەنوێنێ، لەمەشدا زۆر جار بوێرانە دێتە پێش.

بەڵام کێشەی پیاو و ژن بەلامەوە هێند وا ئاڵۆز و ئەستەم نییە وەک هەندێک بۆی دەچن و لێکی دەدەنەوە، بە ئەندازەی ئەوەی کە ئافرەت وەک رەگەزێکی جیا "کچ بێ یا ژن" خۆی

ڕادەی تێگەیشتن و هۆشیاریی لەو ئاستەدا بێ کە بتوانێ ئەو ماف و ئازادییانە بەدەست بێنێ و لە ژیانیشدا لێیان سوودمەند بێت؛ ئەگین ئەگەر ئەوانەی لەگەڵدا نەبوون، با سەربەستی و ئازادییەکی ڕەهایشی بدرێتێ، ئاقیبەت کاردانەوەکە پێچەوانە دەکەوێتەوە و ئەو مافە ڕەهایە دەبێتە بەڵا بەسەریەوە واتە مردن بەرۆکی بەرنادات.

هەرچەند لەو چیرۆکەدا هیچ داکۆکییەک لە ئافرەت نابینم مەگەر بۆ ناوی سوێند خستنە رووی کوێرەوەرییەکە نەبێ کە ئەمەش لاوازترین شێوازی باوەڕەکەیە... پێشاندانی ڕووداوێکە بە ئاهو ناسۆرەوە، کابرایەکی دەستداری بووەی ئەم عەیامە «ئیتر بە هەرچی شێوەیە ئەو دەسەڵات و بوونەی دەست خستبێ» بە ڕێگەیەکی نا شەرعی و ناڕەوا، بەدەر لە ئارەزووی بەرامبەر، دەستبەسەر کچێکی جوانی قۆناغی ئامادەییدا دەگرێ و دەیکاتە قەپاتمە (خليلة)ی خۆی و چۆنی دەوێ ئاوا لەگەڵیدا ڕادەبوێرێ، چێژ لە لەشولار و تافی جوانی ئەو کچە دەبینێ «ئەمە بە پێی ئاماژەکانی نووسەر خۆی سەبارەت بە جوانی و لەباری جەستەیی کچەکەوە کە لە ژوورەکەیدا لە ئاوێنەوە دەڕوانێتە خۆی»، کە تێریشی لێ خوارد و لێی تێر دەبێ، وەک دیاری و پیاوەتی دەیداتە هاوڕێیەکی هاوچەشنی خۆی.

نووسەر بایەخێکی زۆر دەدات بە گێڕانەوەی ڕابردووی ئەو کچە، کە هەر لەقۆناغی عازەبییەوە حەزی بە کوڕێکدا دەچێ و زوو زوو بە تەنیا یەکتر دەبینن، وەک دوو ڕەگەزی جیا ئەو ژوانانە بەدەر نابن لە پێکگەیشتنی جەستەیی بەڵام سنوور نابەزێنن، کچە لەمە باکی نییە، بەڵام "میرۆ" خۆی ژیرترە:

- من کارێک ناکەم زیان بەتۆ بگەیەنێ، من و تۆ هەر بەیەک دەگەین...

بە گێڕانەوەی "فرۆ"دا، پێشتر، وای دەردەخات کە ئەو جۆش و خرۆشی عازەبییەی و ئەو ژوانانەیان وای لێ دەکەن کە لە زێدەڕۆییش لاری نەبێ.

هەرچۆنیک بێ "فرۆ" ئەو ڕووداوەی کابرای دەسەڵاتدار سەرەتایەک دەبێ بۆی، تا بیباتە ناو دنیای لەشفرۆشی و ڕابواردنێکی ناچاری واوە کە جێهێشتنی ماڵە باوان و میرۆی خۆشەویستیشی لێ بکەوێتەوە... ئەم زنجیرە ڕووداوە درامیانەی، کە هەر کام لەو ژنە لەشفرۆشانە بگرێت، خاوەنی دەیان ڕووداو و چیرۆک و بەسەرهاتی ئاوان.

هونەرمەندی شێوەکاری کەم ئەندامی فەرەنسەیی بەناوبانگ تۆلۆز لۆتریک ١٨٦٤-١٩٠١ ژیانی ئالوودەی دنیای ئەو جۆرە ژنانە کردبوو و بە بێ ئەوان هەڵی نەدەکرد، لە ڕێی ئەو سامانە بە نرخەی تابلۆ هونەرییەکانەوە، بە وردی جۆری ژیان و داخزان و چیرۆکی کلۆڵییەکانیانی بۆ خستوینەتە ڕوو، ئەو دەڵێ: وا مەزانن ئەو جوانی و گەرمی و لەشە پڕانە

لێوانلێوی لەزەتن بۆ پیاوان، لە پشت ئەمانەوە چاڵاوی قوڕ و لیتەی خەم و پەژارەی ئەو ژنانەیە.[1]

لە سەردانێکیدا بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر، یەک لەو ژنە لەشفرۆشانە کە هاتە دەر گوتی: سەیرە تابلۆکانی لۆتریک دەڵێی باسی لە ژیانی من و هاوڕێکانم دەکەن.

جێی سەرنجە کە نووسەر وەک لە وەسفکردنی جوانی "فرۆ"دا سەرەکەوتووە تا رادەیەک، نەچووە بەلای خستنەڕووی باری دەروونی و ناوەوەی ئەو هەستە پڕ جۆش و خرۆشەی ئەو دوو خۆشەویستە لەو تافی لاویەیاندا، یان بە ڕاگوزارەیەک بە رووداوی سەر جێگەی ژوورە رازاوەکەی کابرای دەستدار "مخدع" تێپەڕیوە کە یەکەم جار یان کەڕەتەکانی دوایی چی روو دەدەن و چۆن دەبن.

لێرەدا بۆ دوو ئەگەر دەچم:

یان ئەوەتە نووسەر- وەک ئافرەت- هێشتا هێند ئەو رەهەندە شەرماوییەی لەلا نەڕەویوەتەوە، کە جورئەت بکات «بە وردی رووداوەکانی پێشتر» هەر بە گوڕەوە بچێتە ناو باسەکانی سەر جێگە.

یان وەک «ئەلبرتۆ مۆراڤیام دەڵێ: في الرواية الكلاسيكية، الصمت مطبق حول الشأن الجنسي، وذلك لسبب بسيط وهو أن الأدباء لم يكونوا تعرفوا بعد على ما سيحققه فرويد من كشوفات... فهو الذي فرض التكلم عن الجنس بوصفه واقعاً معاشاً. في الرواية الكلاسيكية كان الحديث يجري عن الجنس بشكل اخلاقي بحت، أما الآن فنحن احرار كلياً في تناول الجنس، كما نشاء، إن محاولتي في المزج بين الجنسي والأجتماعي جعلت المتمسكين بالقيم التقليدية والقديمة يثورون ضدي ويتهمونني ب- المحرض-.»[2]

بۆ ئەمەیان بڕوا ناکەم نووسەر ئاگەداری چمکێک لە باسە پێوەندیدارەکانی ناو دنیای دەروونناسی و فرۆید نەبێ و یان نووسین و بەرهەمە هونەرییەکانی سەر بەم مەسائیلەی نەدیبێ، ئەو سەردەمانە بیر دەکاتەوە و دەنووسێ و دیارە دەشبینێ و دەشخوێنێتەوە.

جا مادەم جەوهەری ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باسکردنی نەهامەتییەکانی ئافرەتێکی سۆزانییە، یان «وەک نووسەر خۆی دەڵێ: قەحپەیە» دەبوو گرینگییەک و بایەخێکی ئەوتۆی بە رووکارە سێکسییەکەش بدابا تا لە رێی وردەکارییەکانی ناویانەوە خوێنەر بیانگشتێنێ؛[3] چونکە دیمەنەکانی سەر جێگە و مومارەسەکردنی کاری جوتبوون بۆ ئاوها پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زەرورەتێکی زۆر بایەخدار و پێویستە، «ئەمە نەک سێکس لە پێناو سێکسدا، بگرە وەک هۆکارێک بۆ چوونە ناو مەبەستی سەرەکی لە

بەرهەمە هونەرییەکە».

کە دەشڵێم "سیاسی"، دیارە ڕێڕەوی چیرۆکەکە ئەمە دەسەلمێنێ و دەیئاخنێتە ناو باسەکەوە، کابرای تاوانبار و جینایەتکار دەستدارە، بووەیە و خاوەن دەسەڵاتە، دواجاریش بە دەستی دوژمنانی گەل پارچە پارچە دەبێ... ئەمانە گشتیان ئاماژە و ئیحای ئەوەن کە سیاسەتیش لە باسەکەدا سەرەتاتکێ دەکات.

وتمان خوێنەر بتوانێ نموونەی پاڵەوانەکە بگشتێنێ، مەبەستم گشتانێکی بوێرانەی ئەوتۆ کە نووسەر تەنیا بە لاقرتێیەک ویستوویە لە کۆتاییدا پیشانمان بدات: (ئەم دۆخەی کە منی تێدا کرام بە قوربانی هەر بەردەوامە و بەو مەرگەی کە ئەویش بە ڕێککەوت بە دەستی دوژمنانی گەل بە دەستی هێنا... تازە هەمووتان بە یەک دەنگ بڕیارتان داوە کێ قەحبەیە و کێ قارەمانە).

دیسان لەمەشدا مۆراڤیا رای وایە کە: «الكاتب لا يهتم أبداً بالعام بل بالخصوصي ليكتسب لاحقاً طابعاً عاماً، فالذي يشغلني دوماً في كتابتي هو البحث عن التفاصيل لا عن القوانين العامة.»(٤)

بەردەوامیی کارەساتی فرۆ و ئەوانی وەک ئەوان هەروایە، لێرە بێ یا لەوێ، وەک لە زاری «سمیحە ئەیوب»ەوە لە «أشرف خاطئة»دا دەگوترێ: جینایەتەکە ئەزەلییە و بەردەوامە، گورگەکان وان لە دوولۆنەییەکی ژیاندا، لە لایەک وەک مەڕ خۆیان پێشان دەدەن، فرمێسکی درۆ و بێ بایەخ بۆ ئەو خەڵکە دەڕێژن، لە ژێریشەوە دڕندەیەکی کەڵبەتیژن و لە هەل دەگەڕێن بۆ تێرکردنی غەریزە حەیوانییەکانیان... بەهەر شێوەیەک بێ و بەرامبەر کێ بێ(٥). جا وەک «یوسف شاهین»ی دەرهێنەر لە ناونیشانی شاکارێکیدا دەڵێ: «على من نطلق الرصاص»؟

***

بەڕووکارێکی تردا، چیرۆکەکە لە ڕووی داڕشتن و زمانی نووسینیەوە، سفت و توندوتۆڵ و ڕەوانە، بەڵام بەدەر نییە لە هەندێ «هفوات»ی سادە کە ئەو یەکبینییەی نووسەر بینی پێوە ناوە، بووەتە هۆکاری بێئاگایی لێیان:

- ناونیشانی چیرۆکەکە دەبوو "کۆتاییی فریشتەیەک" بووایە، چونکە کچەکە بە زۆر هەڵدەخلیسکێنرێ بۆ ناو چڵپاوەکە، بۆ ناو دنیای لەشفرۆشی و ڕابواردنی پیاوان.

- «بە بنیشت بە چەند تاڵێکی قژەکەمەوەی نووساندبوو».

ئەو چاوەزارە یان کوژەکە شینەی جاران بە بنێشت یان مێو بە قژەکەیانەوە دەنووساند

تا به نێوچاوانیدا شۆڕبێتەوە، تەنیا لە تەمەنی شەش مانگی بۆ دوو ساڵان بوو، ئیتر لێی دەکرایەوە و نەدەگەیشتە ئەو تەمەنەی فرۆ، کە خەڵکی لەملاولا پیا هەڵدەن و ئەم تێی بگات.

– کە جوانێک حەسودی پێ دەبرێ "لە چاو ناچێ" بەڵکو "بە چاوەوە دەبێ، چاوی پیاهەڵدێ"

– بە یەکەم منالٚ دەوترێ "نۆبەرە" نەک "نۆزگە" کە وشەیەکی عامییە و بۆ نووسینی وا دەست نادات.

– «بۆ حەزم لە ڕوانینە لە خودی خۆم» ناوترێ، دەوترێ: بۆ حەزم لە ڕوانینی خودی خۆمە.

– «سەرنجمان لە یەکتری گیر ببێت و نهێنی ناخەوەم ئاشکرا بکات»، لێرەدا "ناخەوەم" نابێ بگرە: «ناخم، ناو ناخم ئاشکرا بکات».

– «بەرەو دەموچاوی من بۆنێکی بەردایەوە» بەڵکە «بۆنێکی پژاند، بۆنێکی پیاکردم» وشەی "بەردایەوە" بۆ بۆنێکی ناخۆشە کە لە مرۆڤ خۆیدایە. رستەکە دەبوو ئاوا بووایە: «گورج بەرەو رووم بۆنێکی پژاند».

– « ئەمجارە لەبەرئەوەی پەردەی کچێنیتی برد...» لە قسەیەکی دەستکرد و زۆر لەخۆکردن دەکات، باشتر بوو ئەگەر: «ئەمجارە لەبەرئەوەی کردتی بە ژن، لەبەرئەوەی یەکەم جارت بوو...»، پەردەی کچێنی نابرێ کون دەکرێ، دەدڕێ.

– «لەبەر دووشی گوناهدا مەلە دەکەم» دووش مەلەی لە ژێردا ناکرێ، دەکرا: «لە لێلاو، چڵپاو، زلٚکاوی گوناهدا مەلە دەکەم».

– «بەو مەرگەی کە ئەویش بە رێککەوت بەدەستی دوژمنانی گەل بەدەستی هێنا» مەرگ بەدەست ناهێنرێ و مرۆڤ ئاواتەخوازی نییە و هەوڵی بۆ نادات، دەستەواژەکە دەکرا وا بووایە: «ئەو مەرگەی ئەمبازی بوو، تووشیبوو، یەخەی گرت ...».

پەراوێزەکان:

(١) الهلال– مجلة – يونيو ١٩٦٤، رمسيس يونان: تولوز لوتريك اعظم المتشردين:

– هنري ده تولوز لوتريك ١٨٦٤– ١٩٠١، باريس– حي مونمارتر الشهير في تاريخ الفن الفرنسي، صور شجا الضحكات وجحيم الملذات.

(٢) الوطن العربي– مجلة: ع ١٨٩– ١٩٨٠/٩/٢٦، البرتو ماڤيا يقول كل شيء.

(٣) گشتاندن: تعميم.

(٤) پەڕاوێزی ژمارە (٢) هەر ئەو باسە.

(٥) www.jarayid.com أخبار اليوم القاهرية.